# به ئایین بوونی حیزب له هەرێمی کوردستان

**عومەر جەلال**

حیزب له هەرێمی کوردستان ئەو گرینگییەی لەدەست داوه کەوا له ولأتانی ئەورۆپا و ئەمریکا هەیه,ئەگەر حیزب له هەر ولأتێکی دی بۆ خزمەت و بەدەنگەوه هاتنی مرۆڤایەتی بووبێت ئەوا له کوردستان دیوێکی دی ئەم پێناسەیه وەردەگرێت , بێگومان ئایین وەك هەر پەیامێکی مرۆڤایەتی بۆ گەڕانەوەی رێز و لێبووردەی نێوان مرۆڤەکان بووه نەك وەك بەعسیزم بۆ چەوساندنەوەی گەلەکەی و ئەنفال و هەڵەبجەی کوردی پێ بکات.بەدەر له حیزبی بەعسیزم دەیەها دسەلأت و ئیمپراتۆر و حیزب ئایینیان کردووەته هۆکارێك بۆ پاساوی چەوساندنەوه و داگیرکردنی ولأتان .پەیوەندی نێوان ئایین و حیزب هەمیشه پەیوەندیەکی پێچەوانه بووه , یان بەمانایەکی دی حیزب ئایینی وەك پاساوێك بۆ بەرژەوەندی خودی خۆی بەکاری هێناوه.

له هەرێمی کوردستان هەر له پاش راپەڕینەوه چەمکی حیزب فۆرمێکی ئایینیانەی وەگرتووه بەهەموو رەهەندەکانییەوه ,بۆ وێنه له ولأته ئیسلامیەکاندا ئەگەر کەسێکی ئیسلام نەبیت بە چاوێکی دی تەماشا دەکرێیت هەروەك چۆن له ئەورۆپا ئەگەر ئیسلام بیت بەهەمان ئەندازه بەچاوێکی دی تەماشا دەکرێیت,ئەم شێوازه له دەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردو و ئێستاشی لەتەکدا بێت له کوردستان بەکار دەهێنرێت .

زۆر جار مەلای مزگەوتەکان له پشتی ئایینەوه چەمکی حیزبیان پیرۆز کردووه و له دژی حیزبەکانی دی گوتاری توندوتیژیان داوه ,تەنانەت ناوەندێکی گەورەی زانستی وەك زانکۆ بێبەش نەبووه له تیشکی حیزب وەك فۆرمێکی ئایینی هەر له دانانی سەرۆك زانکۆوه و گۆڕینی پۆستی تا دەگاته دامەزراندن و دەرچوونی قوتابی (خوێندکار ) به پێ ی تەزکییەی حیزبی دامەزراوه و ئەوکەسانەی که بێ لایەن بوونه تا هەنووکه له شەقامەکان به دەست به تاڵ دسووڕێنەوه ,یا بەمانایەکی دی ئەگەر کەسی حیزبی نەبیت له دامەزراوەکاندا هەمیشه له کەسه سوودمەندەکان نابیت هەر لەوەرگرتنی زەوی و تا دەگاته پۆستێکی بەرزی نێو دامەزراوه حکومییەکان ,لێرەوه حیزبی کوردی تاك ناچار دەکات هەڵبژاردنی حیزب وەك ئایینێك ببێته بڕوا و هەنگاوی ژیانی .

ملکەچی بۆ حیزب و سەردانی لق و مەڵبەندەکان تا دەگاته بەشداربوونی ئەو ئاهەنگانەی که بۆ یادەوەری و دامەزراندی حیزب و مردن و ژیانی سیاسیەکان دەکرێت مەرجه زۆرینەی فەرمانبەران ئامادەگیان تێدا هەبێت ,هەروەك چۆن کەسێکی ئایینی مەرجه بەشداربێت له سرووته ئایینیەکان و جەژن و بۆنه تایبەتییەکان ,هەمان رێسا که له ئایینەکاندا هەیه دووبارە کردنەوەی له نێوەندی حیزبەکانی کوردستاندا هەیه به حیزبه سیکۆلار و ئیسلامییەکانەوه .

ئەو کەسانەشی که بەهیچ پێودانگێك بڕوایان به بنەمای حیزب نەماوه ,هەڵوێستی حیزب هەروەك ئاینێك که چۆن کەسانی دەرەوەی ئایینەکه به بێ بڕواو دەزانن بەهەمان شێوه حیزب له کوردستاندا ئەو فۆرمه پێشکەش دەکات ,لەمانەش بترازێت بێئەوەی ئاگاداربین حیزب خۆی دەکات به نێوی هەموو جوڵه و قسەکردنەکانماندا ,حیزب دەبێته ئایینێك لێپێچینەوه دەکات له وتارەکانمان ,حیزب وەك نەخۆشییەك له نێوماندا دەرناچێت هەتا تووشی پەتای ئەو نەخۆشییەمان نەکات,نەخۆشییەکانی حیزب وەك گەندەڵی و قۆرخ کردنی داهاتی تاك و لێپرسینەوه.

کاتێك حیزب دەتوانێت بەئەرکی خۆی هەستێت بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی رێز له بیر و رای ئازاد بگرێت و هەروەها بوونی حیزب لەهەموو ولأتێك بۆ ریفۆرم کردنی سستییەکانی دەسەلأتەو هەماهەنگی کردنی کۆمەڵگه و خەڵکه لەئەنجامی نەبوونی پێداویستییەکانی نەوەك به شێوەی حیزبی کوردی پێچەوانەی ئەو فاکتەرانەی که له بوونی حیزبی تەندرووست و ئاکتیڤدا هەیه .

omerjelal@yahoo.com

له رۆژنامەی (رۆژنامه ) ژماره (238) ی 2008/6/9 بلأوبووەتەوه.